# " ئێوه تەنها لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا ئێمەتان بیر دەکەوێتەوە"
# کێشەی لاوان و پروپاگەندەی هەڵبژاردن

**نوری بەشیر**
n.bashir3@tiscali.co.uk

لەگەل هاتنە پیشەوەی سەردەمی پروپاگەندەکردن بۆهەلبژاردن، لاوان و کیشەکانیان بووە خالیکی نیوەندی دەزگاکانی راگەیاندنی ئەحزابی دەسەلاتداری کوردستان و ئەولایەنانەشی کەلە نیوهەلبژاردنەکاندا بەشدارن. بەمجۆرەش رۆژانە بەشیوەی جۆراوجۆر سازدانی دیدار و بلاوکردنەوەی ووتاری جۆراوجۆر لەگەل پۆلیك لەلاواندا، بووە بابەتیکی تەبلیغاتی لەهەریەك لەدەزگای تەلەفزیۆن و رادیۆ و بلاوکراوەکان، تا لەم ریگایەوە لاوان ببزوین و بەپیچەوانەی هەلبژارندنی رابردووە بینە سەر صندوقەکانی دەنگدان و دەنگ بدەن.

یەکیك لەو بەرنامانە، بەرنامەیەك بوو کە لەشەوی 9- 12، کەنالی کوردساتی یەکیتی بۆ دوو نوسەرو رۆژنامەنوس بەناوی ئاوات و ئاسۆ، لەگەل ژمارەیەك لەلاواندا سازی دا. ئاشکرایە کەئەم کۆبوونەوەیە بەدوای چەندین بەرنامەی تری لاوان و تەنانەت دیداری سەرانی یەکیتی وپارتی لەوانە خودی مەسعود بەرزانی و نیچیرڤان و عمر فتاح، تادەگات بە کۆبوونەوەکانی بەرهەم صالح و کۆسرەت رەسول و ئەوانی تر لەگەل لاواندا دیت، کەهەرهەموویان ئەم ئامانجەیان لەبەردەم خۆیان نابوو... حالەتیکی ئاوا بەئەکیدەوە نیشانەیەك دەخاتە روو کەلاوان جیگایەکی هەستیاریان لەسیاسەتی ئەمرۆی کوردستاندا پیکیهناوەو ئەتوانی ببیتە فاکتۆریکی کاریگەر بۆبەلاداخستنی دوارۆژی کوردستان لەنیوان بەدیهاتنی ئاوات و ئارەزووەکانی خویان لەلایەك و بەرژەوەندی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لەلایەکی ترەوە. بەلام وەرن با پیکەوە لەو ئاماژانە وردبینەوە کە لاوانی بەشدار لەم بەرنامە تەلەفزیۆنی یەدا، لەخۆیان نیشاندا:

- **لاویك وتی ئایا لە 15 سالی رابردودا ئەم حزبانەی ئەمرۆ، لاوانیان بیرکەوتۆتەوەو چیان بۆ لاوان کردوە...!؟**
- **لاویکی کە وتی کەئیوە تەنیا لەکاتی هەلبژاردندا لاوانتان بیر دەکەویتەوە.**
- **لاویکی کە دەلی: ئیمە لەزانکۆ بۆ خواستەکانمان نارەزایەتیمان دەردەبری بەگیرەشیوین ناویان دەبردین.**
- **لاویکی تر وتی من هیچ متمانەکم بەم حزبانە نەماوە، ئەوەی بەمەسەلەی قەومی دەیانەوی ئیمە سەرکوت بکەن ناتوانن، و مەسەلەی قەومی لەدنیادا بەرەو دواوە دەروات.**
- **کەسیکی تریان وتی هیچ باوەرم بە حزبەکان و سەرکردەکان نیە و بیلایەقی و ناتوانایی ئەندام پەرلەمان و هیچ نەزانینیان بیئومیدی زیاتر دروست دەکات.**
- **لاویکی تر وتی ئەوە نادروستە باسی دیموکراسی دەکریت بەلام کەسیك کەناچیت بۆ دەنگدان بە خیانەتکراو دژی کورد ناوی دەبەن.**
- **نەهیشتنی دەخالەتی لاوان لە دەسەلات و کاروبارەکاندا، پیکهینانی شتیکی شکلی بەناوی پەرلەمانی لاوان.**
- **قسەکانی ئەو حزبانە ناکۆکن لەلایەکەوە دەلین کەئیمە لەگەل برا عەرەبەکانمانین و لایەکی ترەوە دەیانەوەی ئار بی جی یان پیوە بنیین بەم دەنگدانە، نازانم ئەم خوین رشتنە بەمن بۆ دەکەن.**
- **ناوبردنی لاوان بەیاخی، تورە، خۆیان نایانەوەی دەخالەت بکەن شتیکی دروست نیە لەسەر لاوان ....**

ئەم ئاماژانە لەدەربرینەکانی لاواندا کاکلەی هەلویست و لیکدانەوەی نەوەیەکە کەخەریکە میانەی خۆی لە تەجروبەو ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی وسیستەمیکی دەسەلات دەگری کە سەرمایەدارانی کوردستان و حیزبەکانیان لەکوردستاندا لەماوی 15 سالی رابردوودا نیشانیان داوە. ئەمە نیشانەی ئەو راستی‌یەیە کەنەوەیەکی نوی لەلاوان هاتونەتە مەیدانەوە کە چاوەروانی و تەوەقوعاتیان بە فروفیشالی کوردایەتی و باوەری دارزیوی قەومی و میللەت گەرایی نابریتە دواوە. هاوکات ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە لاوانی کوردستان لەسەردەمیکی بەخۆدا هاتنەوەو هۆشیارانە سەریان دەرهیناوە و بەیەکجاری نارازین بەوەزعیەتی مەوجود و ئامادەنین ملی پی بدەن. خوپیشاندانی خویندکاران و بزوتنەوەی نارەزایەتی زانکۆکان بناغە مادی‌یەکانی ئەم بەخۆدا هاتنەوەیەو ئەم هوشیاربوونەوەیەی لاوانی کوردستانی پیکهیناوە. کەلە هەر فرسەیتك دەگەری بەیانی خۆی بکات بەرووی دەسەلاتدارانیدا.

بەلام دوان و ئاماژەکانی ئەم هوشیاری‌یەی لاوان لەم بەرنامەیەدا هەر ئەوەندە نی یە کە لیرەدا خرایە روو بەلکو لاوانی بەشدار لەم بەرنامەیەدا بەرۆشنی و راشکاوانە، پەلاماریك بوو بۆسەر گەندەلی ئیداری و دزین و ئەو تالانچی یەی کە سەرانی یەکیتی وپارتی پیدەناسریتەوە. نارەزایەتی و رەخنەکانی ئەم ژمارەیە لەکوران و کچانی لاو بەهەق نالایەقی سەرکردەکان و ئەندام پەرلەمان و

بیمتمانەیی و بیئومیدی ئەوانی بەیەکیتی وپارتی و دەسەلاتەکەیان دەسەلمینی و بۆئەمەش هینانەوەی فاکتەکانی نیو تەجروبەیەك کە لە15 سالی رابردودا لەکوردستان بەریوەچووە باشترین بەلگەی رەخنەو نارەزایەتیەکان و لەسەر هەق بوونی لاوانە.
لەمەش زیاتر ئەو باس و سەرنجانەی کەلاوان لەمیانەی ئەم بەرنامەیەدا هاتەکایەوە بەرەو کۆمەلە باسیك چوون کەمەترسیدارتر بوون لەدەنگنەدانی لاوان و نەچونە بەردەم صندوقەکانی دەنگدانەوە، بۆ ئەحزابی ناسیونالیستی کورد. بەتایبەتی باسی ئەوەی کەلە دنیای ئەمرۆدا، نەتەوە و نەتەوەچیتی قەومی چۆتە دواوەو کاریگەری‌یەکانی خوی لەدەست داوە و ئیتر ناتوانی دانی کارامەیی پروپاگەندەیی خۆیی بۆ لەخشتەبردنی کۆمەلانی خەلك رابگری، یەکیك لەو باسە گرنگانەی لاوان بوو کەدەیەویت لەبنەوە ناسیونالیزم و باوەرەرەکانی هەلتەکینی و رەتی کاتەوە. ئەمەش یەکیك لەو خالە پرشنگدارانەیە کە بەهۆشیاری و بزوتنەوەی وەبەرخودا هاتنەوەی لاوانەوە دیارە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کەئیتر نەتەوە و نەتەوەچیتی و ناسیونالیزم ناتوانیت وەلامدەرەوەی ئومید و ئارەزووەکانی لاوان بیت. تەنانەت ناتوانری بە هات و هاوارو تەبلیغاتی ئەوەی لاوان تورەو یاخین، یان ئەوەی ئەو کەسەی دەنگ نەدات خائنە، کورد نیە،.. سەرکۆنە بکری.

لەلایەکی تریشەوە واقعیەتی قسەکانی ئەم لاوانە دەرخەری هیستریایەکە کەحزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان، بەدوای دەنگنەدانی دەورەی پیشوی لاواندا، توشی هاتوون. بەدلنایی یەوە بەشداری نەکردنی ئەمجارەی لاوان لەهەلبژاردندا لیدانی زەنگیکی خەتەرە بۆئەوەی هەموو هەول و سیاسەتە پوچەکانی نایونالیزمی کورد ببات بەئاسماناو ریسەکەیان لیبکاتەوە بەخوری. جا بۆ ئەوەی ئەم زەنگە خەتەرە لینەدا و ئەم حالەتە نەبیتە ئاکامیك ئەوە سەرانی یەکیتی و پارتین کەبەپیچەوانەی دەورەی پیشووە وە کە لاوانیان بە لاموبالات و خائین ناو دەبرد. ئیستا خەریکن بەشیوەی نەرم و نیان وپاساو هینانەوە بۆ خویان و هەلەکانیان لاوان دەدوینن!! بەلام نابی ئەوە لەبیر بکری کەهەموو ئەو تیروانینە چەوت و پرو پوچانەی کەیەکیتی و پارتی و سەرانی ئەم حیزبانە لەسەر لاوان بەدەستیانەوە داوە، بەتەواوی مەرامی سیاسی هەر ئەم حزبانەو سیاسەتەکانیانی لەپشتەوە راوەستاوە. مەرامیك کەلەجەوهەردا پاریزگاریکردنە لەکورسیەکانی دەسەلات و سەروەت و سامانە کەلەکە بووەکەیانە. لەم پیناوەشدا ئەوە یەکیتی وپارتی بوون کەلەماوەی 14 سالی رابردوودا ویستویانە نەوەیەك لاوان پەروەردە بکەن کەلەگەل دەسەلات و کارکردەکانی ئەحزابی قەومی کوریدا جوتبیت و توتیانە خورافە و باوەرەکانی کوردایەتی لەزانکۆو قوتابخانەو نیوەندەکانی رۆشنبیریدا بلیتەوە. بەلام ئاماژەکانی لاوان پیچەوانەی ئەم خەونانەی دەسەلاتدارانی کوردستانن. ئیستا نەوەیەك لەلاوان هاتونەتە مەیدانەوە کە تەوقوعاتیان بۆژیان و داهاتوو زۆر لەوە زیاترە کە ناسیونالیزم و نەتەوە چیتی بەلایدا بچی و تەعبیری لیبکات. نەوەیەك لەلاوانی ئازاد و بەجورئەت کەلەسەردەمی بەجیهانی بونی تەکنەلۆجیاو پیشکەوتنی زانستدا، بەتوندی لەگەل مەیلی مودیرنیزم وخولیای یاخیبوون لە هەر سونەت و داب و نەریتیکی دواکەوتوی قەومی و ئاینی لەسەریاندا جۆش دەخوات، ناتوانن لەبازنەی بیرکردنەو سیاسەتی کوردایەتیدا بمیننەوە. لاوان ژیانیان دەوی بەپیوانەیەکی سەردەم و پیشکەوتنخوازی.. ئەمە ئەو ئاراستەیەیە کەبەتەواوی پیچەوانەی بەرنامەو وجودی ناسیونالیزم و حیزبەکانیەتی. کە ناتوانری بەهیچ ریگایەك کۆنترۆل بکری.
لەکۆتایدا ماوە بلیم کە ئەوەی ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی وەك یەکیتی و پارتی چۆن بیردەکەنەوەو چی دەکەن و قازانجیان چۆن دەخوازی و چۆن خۆیان بەسیاسەتی دەولەتانی ناوچەکەو ئەمریکاوە گریداوەو دەیانەوی پاریزگاری بەدەسەلاتی خۆایانەوە بکەن، تەنانەت ئەوەی کەدەیانەویت بەهەر نرخیك بووە بۆ مەرامی وەرگرتنی پلەوپایە لەدەولەتی داهاتووی عیراقدا کوردستان بلکیننەوە بەعیراقەوە، و باس لەیەك پارچەیی خاکی عیراق و دەست تیکەلکردن لەگەل گەندەلترین ئەحزابی قەومی و ئیسلامیدا بکەن.. بەخویان و قازانجی تەنهای خۆیانەوە پەوەندی هەیە. بەلام هەموو ئەمانە نەخواستی خەلکی کوردستان و نەداواکاری و ئارەزوەکانی لاوانە. داواکاری لاوان و خەلکی کوردستان شتیکی کەیە. ژیانیکی ئازاد و ئاسودە، ئینسانی ومەدەنی وخوشگوزەران و بەدور لەهەرجۆرە دواکەوتوویی یەکی قەومی وئاینیە.. سەرەنجام جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆی سکولاری نەقەومی و نەئاینی.. ئەمەیە ئەو ئامانجانەی کە لاوان و خەلکی کوردستان رۆژانە بەشیوەی خۆیان تەعبیری لیدەکەن و داوای بۆدەخەنە روو. بەشداری نەکردنی لاوان لەهەلبژاردنی ئەم جارەدا، هەلویستیکە لەگەل ئەم خواست و ئومیدانەدا دیتەوە..
کەوایە لاوانی کوردستان دەبی ئەم جارەش لەریگای بەشداری نەکردن و موقاتەعەی هەلبژاردنەوە پەیامی خۆیان بە کۆمەلگاو دەسەلاتداران بدەنەوە..

2005-9-12